# ستراتیژی کاری ناتوندوتیژی

# خۆشەویستیو فشارو توندتیژی

عەبدوللا خالید

یەکێك لەپرەنسیپە بنچینەییەکانی ناتوندوتیژی دۆزینەوەی پلساوو سەلماندنی وایە کە رەوابوونی داخوازییەکانی پێبسەلمێنێت بۆ نەیارەکەت.
پێویستە ناتوندوتیژی یەکەمجار پەنا بباتە بەر دیالۆگ، بۆ بانگهێشتکردنی عەقڵ بۆ سەلماندنو بانگەشی ویژدان بۆ ئاسوودەبوون، کەواتە کارەکە پەیوەستە بە بەکارخستنی هەموو هێزی وشە، ئەو هێزەی کە چەکی یەکەمو کۆتایی ناتوندوتیژییە، بەلآم تاکە چەکیش نیە، هێزی داپەروەری ناتوانێت ئەو دەوڵەمەندو خاوەن دەسەلآتانە ناچار بکات کە داکۆکی لەبەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، بەو شێوەیەی کە رلستیەك وا لەهەموو عەقلەکان بکات دانییپێدا بنێن.
لەزۆربەی کاتەکاندا دیالۆگ لەنێوان هەژارە نەبووەکانو دەوڵەمەندە خۆشگوزەرانەکاندا، بەنێوان زۆر لاوازو زۆر بەهێزەکاندا لەتوانادا نیە، بۆیە قوربانیانی ستەم هاندەدرێن بۆ ئەنجامدانی کاری رلستەوخۆ، تێکۆشان، چونکە لەو رێگەیەوە تەرازووی هێز بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەبێت و بەوەش دیدارو دیالۆگ لە توانادا دەبێت. هەمیشە دەگوترێت (راستی لەسەرووی هێزەوەیە)، بەلآم ئەمە لەخۆڕا دەگوترێت. جارێکی دیکە بەهەڵەدا دەچین ئەگەر خەون بەجیهانێکی نموونەیەوە ببینین کە نە ئۆپۆزسیۆنو نەململانێی تێدا نەبێ. چونکە راستی لەواقیعدا پێویستی بەهێزە بۆ ئەوەی سەرکەوێت. پرسی رلستەقینە تەنها لەوەدایە ئاخۆ ئەو هێزە دەشێت ناتوندوتیژ بێت یاخود لەتوانای ناتوندوتیژیدایە کە بەهێزبێت؟، کەواتە لەبەردەم شکستی توانای دانپێداناندا، پێویستە ناتوندوتیژی ببێتە هێزی فشارو هێزی رەتکردنەوە. گاندی نوسیویەتی ( **بۆ ئەوەی ستەم نەهێڵین لەسەرمان پێویستە چاوەڕوانبوون رەتکەینەوە تا خەتابار لەخەتاکەی بەئاگا دێت... بەپێچەوانەوەش، پێویستە لەسەرمان دژایەتی خراپە بکەین لەرێگەی پاشەکشەپێکردنی پاڵپشتیمان بۆ خراپەکار چ راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ**). بەم شێوەیە کاتێك "گاندی" زانی کە بەریتانییەکان داخوازییەکانی پارتی کۆنگرەی هندی جێبەجێناکەن. دوو دڵ نەبوو لەدوا ئاگادارکردنەوەی جێگری پلشای بەریتانیا بەر لەدەستپێکردنی تێکۆشانی مەدەنی ساڵی 1930. "گاندی" لەو بارەیەوە بەم شێوەیە نوسیوویەتی : ( هەموو گرفتەکە لەنێوان دوو هێزدایە کە دەرفەتی مەنتیق لەنێوانیاندا نیە، چونکە بەریتانیای مەزن تەنانەت لەبەردەم بەڵگە سەلمێنراوەکاندا بەهەموو شێوەیەك داکۆکی لەبازرگانیو بەرژەوەندییەکانی دەکات، پێویستە

هند بۆخۆی هێزێك دروست بكات كه لەمردن رزگاری بكات).

مارتن لۆتەر كینگی لاو لەسەردەمی بایكۆتكردنی پلەوانەكانی مۆنتیگمری پێی وابوو رەشپێستەكان بەخێرایی دەتوانن سپی پێستەكان رازی بكەن بەرەوایەتی پرسەكەیان بەلاّم كە دانوستانەكانی یەكەم شكستیان خوارد هەرزوو دەستبەرداری ئەو هیوایە بوو (پێم وابوو كە خاون بەرژەوەندییەكان هەر لەیەكەم دا خوازییەوە دەستبەرداری بەرژەوەندییەكانیان دەبن، ئەو وەهمە وەكو پەندێك وابوو بۆمن، چونكە دواجار تێگەیشتم كەس دەستبەرداری بەرژەوەندییەكانی نابێت ئەگەر بەرەنگاری نەبینەوە)."لیرۆن بنیت" نووسەری ژیاننامەی مارتن لۆتەر كینگ نووسیوویەتی "كینگ پێی وابوو هەقیقەت خەڵك رزگار دەكات... بەلاّم لەهەولۆێستی پێشووی سەرسوورماوبوون دواجار دانی بەوەدا نا كە لەسەر هەڵەبووە كە ئەو پرسە، پرسی مەتیق نییە، بەڵكو پرسی هێزە).

لەساڵانی دواتردا دوای ئەوەی لەئەزموونەدا قاڵبۆوە كینگ بێ دوو دڵی تەئكیدی كردووە كە " ئەگەر مێژوو شتێكی هەبێت لێی فێربین ئەوەیەكە خرپە لەسروشتی خۆیدا درندەو سەختەو هەروا بەسانایی مل نادات ئەگەر بەردەوام بەرەنگاری سەرسەختانە نەكرێت، بۆیە پێویستە بەردەوام رووبەرووی ببینەوەو هەموو رۆژێك بێ سلّكردنەوە بەچەكوشی دادپەروەری بیكوتین... ئێمە فێڵ لەخۆمان دەكەین كاتێك پێمان وابێت پەنابردنە بەر ئاكارو هێزی رازیكردن دەتوانێت دادپەروەری بەدیبهێنێت، نەك لەبەر ئەوەی پەنابردنە بەر ئاكار بێسوودە، بەڵكو لەبەر ئەوەی دەبێت لەهەمان كاتدا پەنا ببەینە بەر هێزی فشاری راستەقینە).

پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان بریتی نین لەفراوانكردنی بازنەی پەیوەندییە كەسێتیەكان كە لەگەڵ برادەرو دراوسێكانمان دروستی دەكەین، توانای چاكەكردن و نیاز خراپی كەسەكانیش جیی ناكاتەوە، بەڵكو ئەوەی جیای دەكاتەوە سروشتی ژێرخانی ئەو ژێرخانە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیلسییەیە كە كۆمەڵگا بەهەڵە لەسەری دادەمەزرێت.

كاتێك باس لەپەیوەندییەكانی نێوان خەڵك دەكەین لەكۆمەڵگادا تەنها باسكردن لەدەستەوژەكانی خۆشەویستی و ركلێبوونەوە نەشیاوەو، نابێت سروشتی پەیوەندییەكانی نێوان خەڵك لەبیر بكەین و زۆر جەخت بكەینە سەر نیاز و هەستی كەسەكان، بەڵكو پێویستە جەخت بكەینە سەر بارودۆخی بابەتی بەهێزو بێهزییان، ئامۆژگارییەكانی ئەخلاق بەتەنها بەس نین، ئامۆژگارییەكانی زانستە مرۆڤایەتییەكان بۆ ئەوەی لەبارەی پەیوەندی نێوان كەسەكانەوە بڕیار بدەین.

دەوڵەمەندو بەهێزەكان پەنا دەبەنە بەر گرنگیدان و نەمركردنی ملكەچی و بەرزكردنەوەی بۆ سەرلیستی هەموو چاكەكان و هەوڵدان بۆ بەهێزبوون و پەیداكردنی دەسەڵات لەلای هەژاران

هەر تێكۆشانێك لەپێناوی دادپەروەری و ئازادی دابێت پێویستە چاو ببڕێتە ئەوەی كە چەوساوەو بەشمەینەتەكان بگەنە دەسەلاّت. وەرگرتنی دەسەلاّت بەو واتایە نا كە راستەوخۆ كاروباری دەوڵەت لەدەستی ئەوانە دەركەین كە لەدەستیاندایە، بەڵكو بەو واتایەی كە بەرپرسیارێتی چارەنووسی خۆیان بە تەواوی لەكۆمەڵگادا بەدەستی خۆیان بێت. "خواستی هەژاران بۆ دسەلاّت كە دەیانەوێت لەرێگەیەوە سەربەخۆیی خودی خۆیان وەدیبهێنن خواستێكی نەخۆشانە نیە رك و تۆڵەو ئیرەیی لێبكەوێتەوە، بەڵكو داخوازییەكە بۆ دادپەروەری.

تێڕوانینێکی واقیعیو ئەخلاقی بۆ دەسەڵات هەیە، بەداخەوە وای پیشان دەدەن کە دەسەڵات نا ئەخلاقییە، تێڕوانینی واقیعی وایکردووە دەسەڵات هۆشداری بدات لەبارەی ئەخلاقو تێڕوانینی ئەخلاقیش وایکردووە ئەخلاق هۆشداری بدات بەدەسەڵات. لەئەنجامی ئەوەشەوە واقیعیەت مژدەی دا بەوەی توندوتیژی تاکە ئامرازی ئامادەیە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتو بەکارهێنانی لەلایەکو، لەولاشەوە تێڕوانینی ئەخلاقی مژدەی ملکەچیدا، واتە وازهێنان و دەستبەرداربوونی دەسەڵاتن بەواتایەکی دیکە مژدەی دەستلەکارکێشانەوەی تەواو لەکاری سیاسی. کاتێك کە "سیزار چاڤێز" باسی لەزرمرووەتی ئەوە دەکرد کە هەژاران دەسەڵاتی سیاسیو ئابوری خۆیان هەبێ، لەهەمان کاتدا سوور بوون لەسەر رەتکردنەوەی گوتارە ئەخلاقییەکان کە داوا لەچەوساوەکان دەکەن ملکەچی دەسەڵات بن. بەم شێوەیە جەختی کردۆتەوە، "پێش هەموو شتێك دەسەڵات شتێکی باشە، نابێت وا بیر بکەینەوە کە شتێکی خراپە، دەسەڵاتداران نەوەی دوای نەوە هەوڵدەدەن هەژاران واتێگەیەنن کە دەسەڵات کارێکی خراپە، بەڵام دەسەڵات شتێکی بەسوودەو بەبێ هەبوونی ناتوانن هیچ شتێك بگۆڕن".

لێرەوە لەوانەیە لەو تۆڕەییەی"نیچە" تێبگەین بەرامبەر ئەوانەی کە دەیانەوێت مرۆڤ بەدەستەوەستان بهێڵنەوەو لاوازیی مرۆڤ بەچاکە ئەژمار بکەن؟ چۆن لەگەڵ نیچەدا کۆك نابین کاتێك هەڕەشە لە هەڵوێستی بەهێزو دەوڵەمەندەکان دەکات کە خۆیان لەپەنای ئەخلاقدا حەشارداوە بۆ خنکاندنی داخوازی هەژاران بۆ ئازادیو شکۆمەندی ، هەروەها بۆ ناچارکردنی هەژاران کە بەملکەچیو دەستەوەستان لەنێو گروپەکانیاندا بمێننەوە؟. بەم شێوەیەو لەپێناوی چەسپاندنی غەریزەی "مێگەل" لەلای هەر تاکێکی هەژار، دەوڵەمەندو بەهێزەکان پەنا دەبەنە بەر گرنگیدان و نەمرکردنی ملکەچی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرلیستی هەموو چاکەکانو هەوڵدان بۆ بەهێزبوونو پەیداکردنی دەسەڵات لەلای هەژاران بۆ ئەوەی بەناشرینترین کردەوە بیناسێنن کە شایەنی رەتکردنەوەی یەکجارەکییە.

وەك نیچە دەنوسێت (زیرەکی بێڕادەو سەربەخۆی مرۆڤو عەقڵی بەهێز، هەموو ئەوانە بوونەتە هێماو هەڕەشە لەدەوڵەمەندان دەکەن. هەر چ شتێك مرۆڤ لەمێگەل جیابکاتەوەو ترس بخاتە دڵەوە لەئێستا بەدواوە دەوڵەمەندان بەخراپەی ناودەبەن. هەروەها نەرمو نیانیو لەسەرخۆییو کەم داخوازی دەکەنە ئەخلاقی چاکو نموونەیی. لەکۆتاییشدا ئەوە ئاشتی بەردەوام بەدی دەهێنێت. هەڵوێستێك کە پشت بەخۆببەستێت و خۆڕاگر بێت دەکرێتە مایەی شەرمەزاریو گاڵتەپێکردن. وێنەی "گا" یان راستتر "بەرخ" دەبێتە مایەی رێزو ستایش).

(ئازادیو یەکسانیو برایەتی، هەموو ئەوانە پێویستیان بەوە هەیە هەر تاکێك بگەنە ئاستی بەرپرسیارێتی تەواو، بەبێ هەبوونی دەسەڵاتێکی راستەقینە بێگومان بەرپرسیارێتی راستەقینە بوونی نابێت. بۆیە داوای رەشپێستەکانی ئەمریکا لەهەبوو نی دەسەڵاتێك بۆ رەشپێستەکان دەچێتە خانەی تێکۆشان لەپێناوی ئازادیدا. رەشپێستەکان ناتوانن خەو بەئازادبوونەوە ببینن لەزێدەڕۆیی سپی پێستەکان ئەگەر نەتوانن بەهێزی خۆیان رووبەڕوویان ببنەوە، ئەوانەی کە دروشمی " دەسەڵاتی رەشپێستەکانیان لەئەمریکا بەرزکردەوە بەئامرازە توندوتیژەکان داواکەیان خستە روو، ئەوەشیان بیرچوو بوو کە ئامرازە ناتوندوتیژەکانیش لەتوانایدایە زەمانەتی هێزی راستەقینەی رەشپێستەکان بکات. هەر ئەوەش وایکرد کە مارت لۆتەر کینگ دان بەوەدا بنێت (یەکێك لەمەترسیدارترین ترسەکانی بەردەم رەشپێستەکان باوەڕنەبوونیانە بەخودی خۆیان) ئەوەشی خستەوە روو کە چەمکی هێز بۆ رەشپێستەکان باشو پێویست و رەوایە". هەر لەم میانەیەدا دەڵێت (پێویستە هەموو هەوڵو توانامان.. بخەینە گەڕ بەشێوەیەك کە لەگۆڕەپانەکەدا ببێتە هێز).

هەروەها کاتێك (دانیلۆ دۆلچی قسەی لەبارەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە کرد کە دەیویست لەریزی هەژارانی (سەقلّیبە) وەدیبهێنێت

بەشێوەیەك گوزارشتی لێکردووە کە هێزی تێدایە (ناکرێت بەئاموژگاری وا لەئەندامانی مافیا بکرێت خورەوشتەکانیان بگۆڕن، پێویستە رێگە بەحوتیاران بدرێت یەکبگرن و خۆیان رێکبخەن بۆ ئەوەی هێزێك پێکبهێنن بۆ رووبەڕووبوونەوەی مافیا، پێویستە هێزی راستەقینەیان هەبێت).

تێکۆشانی ناتوندوتیژی لەهەوڵەکانیدا بۆ گێڕانەوەی مافەکانی هەژاران ئامانجی ئەوە نییە دڵی دەوڵەمەندان نەرم بکات، بەڵکو وشککردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتیانە. ئامانجی کاری ناتوندوتیژی راستەوخۆ دامەزراندنی پەیوەندی خۆشەویستی نییە لەگەڵ نەیاردا، بەڵکو دروستکردنی تەرازووی هێزە، چونکە کاری ناتوندوتیژی سەلماندنی خۆشەویستی نییە، بەڵکو سەلماندنی هێزە.

بێگومان ئامرازەکانی بەرھنگاری ناتوندوتیژی نموونەی (مانگرتن، بایکۆتکردن، یاخیبوونی مەدەنیو...هتد) یەکەی فشاری راستەقینەن و پەیڕەوکردنی ئەو هێزە فشاربەرانە ناکرێت لەگەڵ "هێزی خۆشەویستی"و "هێزی راستەقینە" (میلەر) دەنووسێت "ناتوندوتیژی خۆشەویستی نییە، بەڵکو رێگەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ خۆشەویستیدا).

ناتوندوتیژی ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ روو لەویژدانی نەیار بکەیت بۆ ئەوەی نەرم ببێت، بەڵکو ناچارکردنێتی بۆ ئەوەی ئەو شتە نەکات کە دەیویست بیکات یان شتێك بکات کە خواستی خۆی نییە، دەبێت بەشێوەیەك ناچار بکرێت کەتوندوتیژی تێدا پەیڕەو نەکرێت. پێویستە هەوڵبدەین نەك هەر رازی بکەین، بەڵکو سەرکەوین بەسەریدا، واتە دامەزراندنی تەرازووی هێز بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندیماندا بێت و ناچاربێت خۆی بەدەستەوە بدات.

غاندی لەسەر هەڵە بوو کاتێك بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە ئەو فشارەی لەرێگەی مانگرتنی لەنانخواردن " هاوشێوەی ئەو فشارەیە کە مەسیح لەسەرووی خاچەکەیەوە دەیکاتە سەر مەسیحییەکان" چونکە ئەگەر ئەو بەرۆژوو بوون و نان نەخواردنە بێسنوورەی کە غاندی لە 20ی ئەیلولی 1923 ئەنجامیدا بۆ ئەوەی حکومەتی بەریتانیا دەستبەرداری ئەو بڕیارە بێت کە سستەمێکی جیای هەڵبژاردن بۆ رەتکراوەکان دابنێت، ئەوە دەگەینە ئەوەی بڕیارێکی دیکە بدەین. ئەو فشارەی غاندی لەرێگەی نان نەخواردنەوە کردییە سەر دەسەڵاتدارانی ئینگلیزو ئەو سیلسیو مەدەنیانەی هندی کە بەبڕیاری ئینگلیزەکان رازیببوون جیاواز بوو لەو فشارەی کە مەسیح لەسەرووی خاچەکەیەوە کردییە سەر مەسیحییەکان، چونکە ئەگەر بەرپرسە هندییەکان بەخێرایی رازی بوون بەداواکانی غاندیو، ئەگەر ئینگلیزەکان پەلەیانکرد لەواژووکردنی ئەو داخوازینامەو رێککەوتننامەیە، ئەوە بەر لەهەمووشتێك بە هۆکاری سیاسی بوو. چونکە بەرپرسانی هندیو ئینگلیزی نەیاندەویست تەرمی غاندی لەبەر دەستی خۆیاندا ببینن نەوەك بەرپرس بن لەمردنی لەبەردەم ری گشتی هندیدا.

بەم شێوەیە ئەو فشارەی کە ئامرازە ناتوندوتیژەکان دەیکاتە سەر نەیارانی لە ئازادییان کەمدەکاتەوە.

هەرچەندە کە هیچ جۆرێك لەتوندوتیژیە بەکارناهێنین، بەڵام ئەنجامدانی فشاری ناتوندوتیژی لەسەر نەیار رێگەچارەیەکە کە بەرپرسیارێتییەکی زۆری تێدایە، هەروەك چۆن ئیریك و بل، تێبینی دەکاتو دەنوسێت (ئەوەی بیەوێت پاك و بێگەردی کارەکەی بپارێزێت و لەهەمانکاتیشدا واز لەسوودی کارەکەی بهێنێت، تەنها ئەمرازی رازیکردنی لەبەردەستدایە"بەڵام لەراستیدا خەڵك عەقڵانی نییەو ناکرێت تەنها روو لەعەقڵیان بکەین بۆ ئەوەی وابن.

لەلایەکی دیکەوە، لەوانەیە دەرئەنجامی راستەوخۆ یان نارلستەوخۆی بەکارهێنانی ئامرازە ناتوندوتیژەکان ئەوە بێت کە نەیاران و هاوپەیمانانیان بخاتە هەڵوێستێکی قورسەوە، نەك هەندێکیان تووشی ناخۆشی دەبن، بەڵکو زەرەرو زیان بەهەندێکیان دەگات. لێرەشدا دەگەینە دۆخێك کە هێزەکانی نێو گەمەکە هێزی خۆشەویستیو هێزی راستەقینە نابێت. چونکە لەسەردەمی ململانێکاندا خۆشەویستی بەهەموو رەهەندەکانیەوە ناتوانێت بژیت، بۆیە پێویستە پێشبینی ئەو زیانانە بکەن کە کاری ناتوندوتیژی

بەنـەیارانی دەگەیـەنێت. جـوانتر وایـە بەرپرسـیارێتی ئـەو زیانانـە بخەینـە ئەسـتۆمان و هـەوڵی کەمکردنـەوەی بـدەین بـەپێی توانـاو هەنـدێك جـاریش چـاوی لێبپۆشـین لەهەنـدێك ڕێگـەوە بەشـێوەیەك کـاری ناتوندوتیـژی ناخاتە ژێر گومانەوە.

بەو شێوەیە دەبینین کاتێك غاندی بایکۆتکردنی قوماشی ئینگلیزی کرد ژمارەیەکی زۆری کرێکاری ڕستو چنینی ئینگلیزی بێکار بوون. بەڵام کاتێك کە غاندی بۆ کۆنگرەیەك لەساڵی 1930 چوو بووە ئینگلتەرا لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا کۆبووەوە واتاو هۆکاری ئەو بایکۆتکردنەی بۆ شیکردنەوە. (ب.ر.ناندا)ی نوسەری ژیاننامەی غاندی لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیە نوسیویەتی ( یەکێکە لەکارە سەیرو خۆشەکان، ئەوەبوو کە بەگەرمییەوە کرێکارانی -لانکشیر- کە قوربانی یەکەمی بایکۆتکردنی قوماشی ئینگلیزی بوون پێشوازیان لەغاندی کرد. غاندی زانی چۆن بەدۆستانە گوێ لەداواکانیان بگرێتو لەهەمانکاتیشدا ڕاستی پرسەکەیان تێبگەیەنێتو لەو بارەیەشەوە گوتوویەتی (ئێستا ئێوە دەزانن بێکاربوونی سێ ملیۆن کرێکار واتای چی دەگەیەنێت، ئێمە سی ملیۆن مرۆڤمان هەیە کە بەدرێژایی شەش مانگ لەساڵێکدا کار ناکەن. ئێوە ئێستا بێکارنو وەکو قەرەبۆیەك حەفتا شلن وەردەگرن، لەوەش دەبی تێبگەن کە کرێی مانگانەی کرێکار لەلای ئێمە حەوت شلن)ە. ئەوە نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەو ئازارو زیانانەی کە لەوکاتەدا بەکرێکارە ئینگلیزەکان کەوت وەك دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو کاری غاندی کردی بۆ پێشخستنی ئابووری و سەربەخۆیی سیاسی هیندستان کە نەدەکرا نەیکاتو خۆی لێ لابدات، بەڵام ئەو زیانو ئازارانە نەبووە هۆی ئەوەی گومان بخاتە سەر مۆرکی ناتوندوتیژی هەڵوێستو بزووتنەوەکەی غاندی، چونکە ئەو درکی بەدەرئەنجامەکان دەکرد بەرپرسیارێتیشی لەئەستۆ دەگرت.

ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە لەو بارەیەوە، مارتن لۆتەر کینك لەکاتی بایکۆتکردنی پاصەکانی مۆنتیگری لەبارەی پێشبینی دەرئەنجامەکانی ئەو کارەی دەپرسی، ئاخۆ ڕەشپێستەکان لەڕووی ئەخلاقییەوە لەسەر هەقن؟، دواتریش گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە خۆی دڵنیاکرد بەوەی نووسیویەتی (ئامانجیان ناچارکردنی کۆمپانیاکانی پاصی هاتووچۆ نییە بۆ مایەپووچی، بەڵکو وەدیهێنانی دادوەرییە تیایاندا). بێگومان ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەوە ڕەتناکاتەوە کە بزووتنەوەکەیان وایدەکرد کە بەڕاستی ئەو کۆمپانیایانە ڕووەو مایەپووچی بچن. کینگ هەندێك دوو دڵ بوو لەوەی بەرپرسیارێتی هەندێك لەدەرئەنجامەکانی ئەو کارە بەئەستۆ بگرێت، چونکە لەو کاتەدا زۆر شارەزا نەبوو لە وردەکارییەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی.

بەڵام بێگومان بایکۆتکردنی پاصەکان لەلایەن ڕەشپێستەکانەوە کارێکی تەواو ڕەوا بوو، دواتریش بووە یەکێك لەباشترین نموونەکانی کاری ڕاستەوخۆ.

کاتێك باس لە"فشاری ئەخلاقی" دەکرێت کە لەئەنجامی کاری ناتوندوتیژی پەیدا دەبێ، هەندێك دەرفەت وەردەگرن بۆ تۆمەتبارکردنی ئەوانەی کە ئامرازی ناتوندوتیژی بەکاردەهێنن (توندوتیژی ئەخلاقی) دژ بەنەیارانیان پەیڕەو دەکەنو ئەو توندوتیژییە ئەخلاقییەش بەقەد توندوتیژی جەستەییو بگرە زیاتریش ناڕەوایە. ئاخۆ ڕاستی لەکۆێدایە؟ کاری ناتوندوتیژی لەڕێگەی ڕیسواکردنی ستەم بەئاشکرایی و بەخشینی ڕەهەندێکی دراماتیکی پێی، لێپێچینەوەی ڕاستەوخۆ لەستەمکاران، لەڕاستیدا پەیڕەوکردنی فشاری ئەخلاقییە، هەر بەو شێوەیەش کاتێك قەشە پۆلس مەسیحی کۆرنیسا داوایکرد کە خراپە بەهێزی چاکە لەناو ببەن (بەکۆکردنەوەی بەرد لەسەر سەری دوژمنانیان) ئەوەش مەبەستی ئەو فشارەیە کە هەڵوێستی ناتوندوتیژی دەیخاتە سەر ویژدانی نەیاران. ئەم ڕەهەندە پێویستە بۆ هەموو ستراتیجییەتێکی کاری ناتوندوتیژی پێویستە، چونکە ئەم فشارە دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی ویژدانو جەدەل کە نەیار ناچار دەکات ئەو دەرئەنجامانەی لەبیر نەچێت کە لەئەنجامی ئەو ستەمە دەکەوێتەوە کە خۆی بەرپرسیارێتی، بگرە ناچاری دەکەن کە ڕاستەوخۆ بیر لەدەرئەنجامەکان بکاتەوە. لێرەدا کاری ناتوندوتیژی ئامانجێتی کە نەیار لەنێو خودی

ستمەكەیدا نقوم بكات بۆ ئەوەی هەراسانی بكات، بەڵام ئەو فشارە نە بەزۆرەو نەبەتوندوتیژی، بەڵكو ڕێز لەئازادی نەیار دەگرێت، نەك هەر لەئازادی رادەربڕین، بەڵكو ئازادی بڕیاردانو جووڵەكردن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە ئەو فشارە بەهۆی سروشتی خۆیەوە ئەوەندە پەیڕەو دەكرێت لەراستیدا كە هاوتا بێت بەو ستەمەی كە نەیار لێی بەرپرسیارو تۆمەتبارە، هەروەها هاوتای هۆشیاربوونی بەو ستەمە.

فشاری ئەخلاقی – ئەگەر سوكایەتیپێكردنو گەمەپێكردنی دەروونی وەلابنرێت ، بێسوود دەبێت. پەیڕەوكردنی لەسەر ئەوانەی كە پێیان وایە راستنو ویژدانیان ئاسوودەیە، چونكە ئەو كاتە دەتوانێت بەهەمان شێوە بەرگری لەخۆی بكاتو رووبەڕووی ئەو تۆمەتانە بێتەوە كە دژی دەخرێتە روو بەشێوەیەك بەڵگەی وادەخاتە روو كە ئەو لەسەر راستیە.

وێڕای ئەوەش هەرچەندە كە بەرپرسیارێتی نەیار لەستەم راستو بەرچاوبێت، بەڵام بۆی هەیە فشاری ئەخلاقی كاریگەری نەبێت، بەتایبەت كە ویژدان مردوو بێتو هەست بە ستەمەكان نەكات ئەو جۆرە ویژدانانە هەموو بانگەوازەكان پشتگوێ دەخەن. پێویستە لەخەونو خەیاڵ دوور كەوینەوەو ئەزموونی ژیانیش باشترین بەڵگەیە لەوبارەیەوە.

دوورتر لەفشاری ئەخلاقی كە مەبەستی ناچاركردنی نەیارە بۆ ئەوەی ئاوڕ لە ستەمەكەی بداتەوەو چاكی بكات، ئەوە كاری ناتوندوتیژی ئامانجێتی فشاری رلستەقینە بخاتە سەر نەیار لەرێگەی كاری ناهاوكاریكردنی رلستەوخۆ لەگەڵ نەیار بەئامانجی دروستكردنی تەرازووی هێزێك كە نەیار تیایدا لاوازبێتۆ لەجووڵە بكەوێتو دواجار نەتوانێت ستەمی نوی ئەنجام بداتەوە.

بەقەبەكردنی ستەم بۆ پلەی كارەسات، كاری ناتوندوتیژی فشاری ئەخلاقی دەخاتە سەر نەیار، بەوشككردنی سەرچاوەكانی دەسەڵاتی نەیار بەرێگای ناهاوكاری، ئەوە فشاری كۆمەڵایەتی دەخرێتە سەر.

با لەو بارەیەوە نموونەی ئەو كارە بخەینە روو كە (مارتن لۆتەر كینگ) كردی بۆ ئەوەی رەشپێستەكان لەكۆگا گەورەكان كاربكەن، كە كاریان نەدەدا بە رەشپێستەكان. كینگ واقیعەكەی بەوردی شیكردەوە، دواتر هەستا بەگفتوگۆكردن لەگەڵ ئەندامانی كارگێڕی یەكێك لەكۆگاكانو داخوازینامەیەكی پێشكەشكردنو جەختی لەوە كردەوە "كارێكی نائەخلاقییە وەك بەكاربەر سوود لەرەشپیستەكان ببینینو لەوەزیفە بەتاڵەكانیش بێبەشیان بكەن".

**ئامرازەكانی بەرەنگاری ناتوندوتیژی نموونەی ( مانگرتن ، بایكۆتكردن، یاخیبوونی مەدەنیو...هتد ) یەكەی فشاری راستەقینەنو پەیڕەوكردنی ئەو هێزە فشاربەرانە ناكرێت لەگەڵ "هێزی خۆشەویستی" و "هێزی راستەقینە"**

كەواتە لەیەكەمجاردا كینگ خاوەن كۆگاكانی لەو ستەمەی دەیكەن هۆشیار كردەوە، هەروەها هەوڵیدا هەڵوێستیان بگۆڕن، تا ئێرە ئەو تەنها فشاری ئەخلاقی كردووە. دواتر كینگ دەڵێت "ئەگەر گفتوگۆكان شكستیان خوارد، هێزمان بەدەردەخەین". لێرەدا داوای لەرەشپێستەكانكرد شت نەكڕن لەو كۆگایانەی كە جێی نارەزایی رەشپێستەكانە. دوای چەند رۆژێك ئەگەر خاوەن كۆگاكان داخوازییەكانی رەشپێستەكانیان پەسەندكرد، ئاخۆ ئەمە واتای ئەوەیە ئەوان باوەڕیان بەوە هێنا كە ئەوان ئەو ستەمەیان درستكردووە؟ یان ئەوان هەستیان بەوەكرد كە لەقەزنجیانە، دوای ئەو شتنەكڕینە نرخ دابەزی بوو، بۆیە پەلە بكەن داواكان جێبەجێ بكەن تازیاتر زیان نەكەن؟ ئاخۆ باوەڕیان هێنا یان ناچار كران؟.

كارتێكردنی فشی ئەخلاقی لەسەر ویژدانی هەندێكیان لەوانەیە وابێت، بەلام ئەوەی تەئكیدە كە فشاری كۆمەلایەتی كە لەئەنجامی بایكۆتكردنەوە دروست بوو، خاوەن كۆگاكانی ناچاركرد بۆ ملدان بۆ داخوازییەكانی قولەكان. كینگ مەبەستی بووە ئەوە بلێت كاتێك كە نووسیوویەتی "كەمی كڕین و دابەزینی نرخی كەلو پەل لەئەنجامی ئەم بایكۆتكردنە بەلگەی بەهێزن بۆ ناچاركردنی تەواوی دەزگاكان بۆ ملدان بۆ ئەو داخوازیانەی كە بۆی بەرزكراوەتەوە". بەو شێوەیە لەرێگەی بایكۆتكردنەوە توانای كڕین لەلای قولەكان گۆڕا بۆ توانای كۆمەلایەتی كاریگەر رووبەڕووی بەرپرسانی ستەم بۆوە دواجاریش بەزاندی.

كاتێك لەسیزار چاڤێزمان پرسی ئاخۆ رازیكردن یان فشار خاوەن زەوییەكانی ناچار كرد لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵیان دابنیشن؟، چاڤێزی بێ دوو دڵی گوتی" ئەگەر سەركەوتین، ئەوە بەهۆی فشارەوە بوو". دواتر زیاتر شیكردەوە " كاتێك دەچووینە لای یەكێك لە خاوەن كارەكان ئاسان نەبوو رازی بكەین، چونكە دڵی زۆر پەیوەستی پارە بوو، بەلام لەكۆتاییدا مامەڵەی لەگەڵ دەكردین لەبەر ئەوەی خاوەن كارێكی سەركەوتووبوو، بەلام ئەگەر لێی بپرسی بۆ رازی بووی مامەڵەیان لەگەڵدا بكەیت؟ ئەوە دەڵێت دەتانەوێت چی بكەم ، ترێكەم نافرۆشرێ؟". هەروەها لە (جیم دریك)مان پرسی كە یەكێك بوو لەهاوكارە یەكەمەكانی چاڤێز، ئاخۆ ئەو كاری ناتوندوتیژییەی كە سەندیكای كرێكارانی كشتوكاڵی ئەنجامیاندا كاری كردە سەر دڵی خاوەن زەوییەكان؟، پێی گوتین "بێگومان ، چونكە دڵی خاوەندارەكان جزدانی پارەكانیانە، بایكۆتكردنیش توانی كاریگەری گارا بكاتە سەر جزدانەكانیان".

لەتەمموزی 1967 لەكاتی شیكردنەوەی ئەو كارەی كە لایەنگرانی چاڤێز ئەنجامیاندا، قەشە – كریس هارتمایر – كەیەكێك بوو لەبەشداربووە كاراكانی ئەو تێكۆشانە ناتوندوتیژییە دەڵێت ( پیاوانی كلێسا زێدەڕەوویانكرد لەپێشبینكردن بۆ كاریگەری پشتگیریان بۆ تێكۆشانی كرێكارانی كشتوكاڵی، ئەگەر پێیان وابوو دیالۆگی عەقلانیو بەهێزی پاساوی ئەخلاقی بووە هۆی دەرئەنجامی ئەرێنی، بەلام لەراستیدا ئەوە لەئەنجامی فشاری ئابووری دروست بوون).

زۆر جار رەخنەی ئەوە لە كەسانی ناتوندوتیژ دەگیرێن كە هەڵە ناكەن لەدیاریكردنی سستەمو بەرپرسانی ستەم. ئەم پلساوە راستە بەلام تۆمەتێكی پووچە، بەتایبەتی كە ئەم پلساوە بۆ بەرژەوەندی ناتوندوتیژییە. ناتوندوتیژی بارودۆخێك نارەخسێنێ كە چاك نەكرێتەوەو رێك نەخرێتەوە، ئەوەش دەرفەت دەدات لەهەر چركەیەكی ململانێدا تێكۆشەرانی ناتوندوتیژ دان بەو هەڵانەدا بنێن كە تێی دەكەون، بەلام توندوتیژی زۆربەی كات ئاراستەیەك دەكات پاشگەزبوونەوەی تێدا نییەو دان بەهەڵەكاندا نانێت تا بەتەواوی كات بەسەر دەچێتو ئەو كاتە ش هیچ دەرفەتێك بۆ پاشگەزبوونەوە نییە. لەلایەكی دیكەوە چۆن دڵنیابین لەخواستو هەستی ئەوانەی دەكەونە ژێر فشاری كاری ناتوندوتیژی لەكاتێكدا ئەو بارودۆخە ناڵەبارەی ستەم هیچ نایانورووژێنێت و بگرە زۆر ئاسوودەن لەو بارودۆخەدا؟.

چۆن دەتوانین باس لەخۆشەویستنی دوژمنان بكەین لەململانێیەكی كراوەدا كە تیایایدا تەرازووی هێز تاقی دەكرێتەوەو لەو ململانێیەشدا فشاری راستەقینە پەیڕەو دەكرێت؟ ئاخۆ خۆشەویستی بەواتای پەیوەندییەكی پتەوو جیاواز نایەت كە وەدیهێنانی تەنها لەكەشێكدا دەبێت كە دادوەریی‌و هاوكاری تیادا رەخساوبێت؟ خۆشویستی لێرەدا وەك مارتن لۆتەر كینگ بۆی دەچێت "پەیوەندی بەهیچ هەڵچوونێكی دۆستانەو سۆزەوە نییە، ئەستەمە داوا لەخەڵك بكرێت سۆزێكی گەرمیان هەبێت بەرامبەر چەوسێنەرەكانیان".

خۆشەویستی ناتوانێت گوزارشت لەخۆی بكات لەكاتی ململانێ تەنها بەرێگەی ناكارا نەبێتو لەزۆربەی كاتیشدا لەرێگەی ئەنجامدانی كارێكی هاوپێچی خۆشەویستی نموونەی هەستان بەئەنجامدانی سووككردن‌و ریسواكردنی بەرامبەرو تۆڵە سەندنەوە، لێرەدا توانایەكی زۆر بەگەڕ

دەخرێت لەپێناوی لێکتێگەیشتن‌و رێزگرتن، بەلاّم نەك سۆزداری.

چاڤێز تەئکید دەکاتەوە ( ناتوندوتیژی تاکە چەکە کە کار بەرێز دەکات‌و دان بەبەهای هەر مرۆڤێکدا دەنێت. دەمانەوێت ئەو بەهایەی دوژمنەکەمان بپارێزین.. دەمانەوێت ئەوە بەلانێین کە قوربانی بێت‌و، جەلادیش جەلاد بێت). لەساڵی 1969 چاڤێز لەنامەیەکیدا بۆ یەکێك لەخاوەن زەوییەکانی کالیفۆرنیا، دوای ئەوەی چاڤێز بڕیاریدا بچێتە ململانێی تاقیکردنەوەی هێزەوە، نوسیویتی ناتوندوتیژی مانای وانیە دوژمنەکەمان خۆشبوێت، بەڵکو رلستییەکەی ئەوەیە رکوکینەی رەتکەینەوە" ئەم نامەیە گوزارشت لەو شتانە ناکات کە لەدڵم دایە بەرێز بار. بەلاّم بەلای کەمەوە ئەوە دەزانم کە ئێمە رکمان لەتۆ نابێتەوەو خۆشحاڵیش نیین کە کارگەکەی مایە چووچ بێت. ئێمە رکمان لەو کارە کشتوکاڵییانەیە کە بەکۆیلەیی دەمانهێڵێتەوە. ئێمە ئەو سستەمە شکست پێدەهێنین نەك لەرێگەی یاسای زۆرداری‌و خوێن رشتن، بەڵکو لەچوار چێوەی کاری ناتوندوتیژی بەردەوام کە جەماوەری کرێکارانی کشتوکاڵی ئەنجامی دەدەن بەئامانجی ژیانێکی ئازادو مرۆییانە).

دوای ئەوەی ئەو هەموو روونکردنەوانەمان دا ماوەتەوە بڵێین (چەمکی ناتوندوتیژی لەخۆیدا گرفتی زۆر دەخاتەروو، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو چەمکە بەپێی توانا روون‌و دیاریی بکەینەوە.

بێگومان ناتوانیین باس لەهەبوونی (ناتوندووتیژی رەها) بکەین، ئەوانەی ئەزموونی ناتوندوتیژییان پەیڕەو کردووە هەمیشە ئەو زاراوەیان وەلاناوە، لەبەرامبەر نەیارانی ناتوندوتیژی باسیان لە ئەو زاراوەیە کردووە بۆ ئەوەی تۆمەت بۆ ناتوندوتیژی دروست بکەن. غاندی بەوردی باس لەو خاڵە دەکات‌و دەڵێت (لەبەر ئەوەی ئێمە رۆحی بێگەردنین، ئەوە ناتوندوتیژی تەواو بە تەواوی (تیۆرە) وەك هێڵی راستی ئەقلیدس). ناتوندوتیژی رەها ئەستەمە، چونکە ئێمە لەکۆمەڵگایەکی پڕ لەتوندوتیژی دەژین و ناتوانیین پڕوپاگەندەی ئەوە بکەین کە ئێمە بێ بەرین لێی. غاندی دەڵێت (لەوکاتەی مرۆڤ پەیدابووە، نەیتوانیوە تێکەڵ بەهەندێك جۆری توندوتیژی بووە). راستە هەندێك بارودۆخی وا هەیە دەبینین ناچارمان دەکات پەنا ببەینە بەر توندوتیژی ئەگەر ویستمان لەخراپتر خۆمان بپارێزین. لێرەدا داوی ئەو پرسیارە کۆنە بە ناوبانگە دێتەوە پێشمان کە هەمیشە لەو کەسانە دەکرێت کە باس لەناتوندوتیژی دەکەن (چ دەکەین ئەگەر لەناکاودا چەکدارێك هاتە پێشت‌و ویستی دایکت یان ژنەکەت یام منداڵەکەت بکوژێت؟). بێگومان وەلامدانەوەی پرسیارێکی وا زۆر قورسە، تەنانەت ئەگەر لەو کەسەش بپرسیت کە پرسیارەکەی کردووە، بێگومان هەڵوێستی ئەویش قورس دەبێت بەلاّم دەتوانیین بڵێین پرسیارێکی گریمانکراوی جێی ئاماژەیە هەڵوێستی ناتوندوتیژی لەبەرامبەر بارودۆخێکی لەو شێویە ناکرێت تەنها پشت ببەستێت بەقەناعەت پێهێنانی دەستدرێژیکەر، چونکە ئەوە بێسوودە. لەوانەیە بۆ داکۆکیکردن لەخود پەنا ببرێتە بەر جووڵەی (ئەلئەیکیدۆ) بۆ نموونە، ئەوە نموونەیەکی زۆرانبازێی ژاپۆنییە، کە بتوانی لەرێگەیەوە دەستدرێژکەر لەجۆڵەو لەشەڕانگێزی بخەیت‌و بیهێنێتەوە سەر هۆش لەرێگەی تەملشاکردن‌و وشەوە.

کاتێك لە 20ی ئەیلولی 1958 ئافرەتێك لەپشتەوە خەنجەرێکی لەمارتن لۆتەر کینگ دا، دوایی دەرکەوت ئافرەتکە لەرووی عەقلییەتەوە تەواو نییە. نە مارتن‌و نە یاوەرانی هیچیان نەکرد بۆ راگرتنی ئەو ئافرەتە. هەندێك لەو بیرۆکەیە هەڵدێن کە کینگ جوڵەیەکی (ئەلئەیکیدۆ)ی بکردبا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئافرەتەی کە ویستی بیکوژێت، لەبەر ئەوەی ئەوان وێنەی ئەو قەشەیەیان پێ بلشە کە لەپشتەوە خەنجەری لێبدرێت بەهۆی تێکۆشانی لەپێناوی مافی ستەملێکراواندا هەروەها ئەو وێنەیە تەواو شیاوە بۆ وێنەی پەیامبەرێکی راستەقینەی ناتوندوتیژی، بەلاّم ئەم هەڵوێستە واتا مانەوە لە ئاستی تێگەیشتنی سەرەتایی لەناتوندوتیژی‌و پێویستە بەتەواوی لێی دووربکەوینەوە.

جگە لەوەش پەنابردنە بەر توندوتیژی لەدۆخێکی هاوشێوەودا هەڵوێستێکی تەندروستە. غاندی هیچ کات دوو دڵ نەبووە لەو بارەیەوە (کاتێك پێویستە لەسەرمان لەنێوان ترسنۆکیو توندوتیژی هەڵبژێرین، پێویستە رێگەچارەی توندوتیژی هەڵبژێرین). کاتێك کوڕەکەم لێی پرسیم دەبوو چی بکات کاتێك لەساڵی 1908 رووبەڕووی هەوڵی کوشتن بوومەوە، ئاخۆ دەبوو رابکاتو من بەجێبهێڵێت بۆ ئەوەی بکوژرێم یان دەبوو پەنا باتە بەر هێزی جەستەیی بۆ رزگارکردنم؟ وەڵامم داوەو پێم گوت ئەرکت بوو داکۆکیم لێ بکەیت، بەتوندوتیژیش ئەگەر پێویستی کرد).

لەشوێنێکی دیکەشدا غاندی نوسیوویەتی( هەندێك جار ناچار دەبین بەکوشتن، وەک دابنێین شێتێك شمشێرێکی بەدەستەوەیەو هەر کەسێك بێتە رێگەی دەیکوژێت، ئێمە ناچارین بەزیندوویی یان مردوویی بیگرین، ئەوکاتە کۆمەڵگا دان بەچاکەی ئەو کەسەدا دەنێت کە ئەو شێتەی بەزاندوە، هەمووشمان مەمنوونی دەبین لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی).

هەموو ئەوانەی هەوڵیاندا بیسەلمێنن کە هەڵوێستی ناتوندوتیژی ناجێگیرە، ویستیان لایەنگرانی ناتوندوتیژی بخەنە هەڵوێستی هەستیار کەهیچ دەرفەتی هەڵبژاردنی تێدا نەبێت، بەلام ئەوە روونە کە ئەو پلساوانە بێبنەمان، چونکە زۆرینەی ئەو ململانێ مرۆییانەی کە دەیبینین بەشێوەیەکی جیاواز سەرهەڵدەدەن، هەڵەشە ئەگەر یەکێك لەوانە یکەینە رێسا بۆ هەموومان. جارێکیان میوانێك لە (تۆڵستۆی) پرسی بوو (ئاخۆ تیۆری ناتوندوتیژی دەهێنێت، ئەگەر کوڕێکمان بینی لەبەردەماندا تامردن ئازار دەدرێت؟).تۆڵستۆی بەم شێوەیە وڵامی دایەوە (ئەوە شەست ساڵی تەمەنم بەسەربەرم تا ئێستا ئەو درندەیەم نەبینی کە تۆ باسی دەکەیت، بەپێچەوانەوە تێبینیم کردووە ملیۆنەها پیاوو ژنو منداڵ ئازار دەدرێنو دەکوژرێن لەئەنجامی خراپەو زۆری ستمەکان).

لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرێ بپرسین، ئاخۆ لەئەنجامی ئەو کارەی کە ئامانجی ملدانی نەیارە لەرێگەی مانگرتنو بایکۆتکردن تەنانەت لەچوارچێوەی رۆحی ناتوندوتیژیو پرەنسیپەکانیشی بێت، هیچ جۆرە توندوتیژییەك دروست نابێت؟ لەم ئاراستەیەدا هەندێك ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو تاکتیکە ناتوندوتیژەی کە غاندی پەنای بۆ برد خۆی لەخۆیدا شێوەیەك بوو لەشێوە مەترسیدارەکانی توندوتیژی کە هندییەکان پێی رووبەڕووی ئینگلیزەکان بوونەوە لەوکاتەی دەیانویست هیندستان داگیر بکەن. ئەو وتەیەی کە دەڵێت ناتوندوتیژی شێوەیەکە لە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی ئامانجی پشتگوێخستنی تایبەتمەندییەکانی ناتوندوتیژییە کە لەئامرازەکانی دیکەی کارکردن جیای دەکاتەوە. ئەو پاساوە وەخێتێك پەنای بۆ دەبردرێت کە دەیانەوێت پلساوی توندوتیژی لەپێناوی وەدیهێنانی داپەروەری بدەن. ئەم تێکەڵکردنە زۆرتر لەو نێوەندانەدا باوە کە بەپێشکەوتووخواز ناودەبرێتو هێشتا دانیان بەبەهای ناتوندوتیژی نەناوە. لەو نێوەندانەدا جیاوازی ناکەن لەجیاکردنەوەی توندوتیژی و ناتوندوتیژی دەکەونە تێکەڵکردنێکەوە وپێدەچێت پێی رازین. دواتر پێیان وایە گیروگازی (توندوتیژیو ناتوندوتیژی) گیروگازێکی هەڵەیە. بەپێی وتەی ئەوان ئەو پرسەی کە خۆی دەخاتە روو رەتکردنەوەی توندوتیژی نییە، بەڵکو ناسینی ئەو ئامانجو بەهایانەیە کەتوندوتیژی خزمەتی دەکات، بەشێوەیەکی دیکە "توندوتیژی گرفت نییە، بەڵکو ئەو مەبەستانەی کە خزمەتیان دەکات".

جگە لەو ناروونییو تێکەڵییە، زانینی ئەوەی ئاخۆ کاری ناتوندوتیژی جۆرێك لە "توندوتیژی" دروست دەکات؟ بەپرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە لەچوارچێوەی ئەم گفتوگۆیەدا زۆرجار ئەوەمان دەخرێتە روو کەوایەر بخەن (ناتوندوتیژی لەکۆتاییدا باشترین شێوەی توندوتیژییە). ئێمە لەواقیعدا دەڵێین دەکرێت بەگریمانێکی کارکردنی لەو شێوەیە رزای بین بەمەرجێك جەخت لەوە بکەینەوە ئەم جۆرە دیاریکراوەی توندوتیژی جیاوازە لەجۆرەکانی دیکەو، ئەوە بسەلمێنین کە تەنها بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئامانجەی کە هەمیشە توندوتیژی پڕوپاگەندەی بۆ دەکات، کە

ئـەویش ڕێگـەگرتن لەسـتەمو دابینكردنـی دەرفـەتی ئازادیو داهێنانە.

لـەم چوارچێوەیەدا دەكرێـت لەگـەڵ ئـەو بیرۆكەیـەی - لویس بیرنێرت- كۆك بـین كـە دەڵێت (هەنـدێك خـەونو خـەیاڵ هەیـە لـەوەی كـە ناتوندوتیـژی بـەدژی توندوتیـژی بخەینـە ڕوو. جگـە لـەو ناتوندوتیژییـەی كـە ئاراسـتەیەكی بەرەنگاری سستەمی باوی هەیە).

ئـەویش دەچێتە خانـەی گەمـەی هێزەكـان چونكە هێـزی ژمـارە دەجوولێنێـت دژ بـە بەرامبـەر وەك ئـەوەی هەڕەشـەیەكی شـاراوە بێـت). بیرنێـرت لەچوارچێوەی شـیكردنەوەكردنی كـاری ناتوندوتیـژو ئـەو فـشاری ئـەو كـارە دەیكاتـە سـەر نـەیار دەگاتـە ئـەوەی كـە ئـەو فـشارە (توندوتیژییـە و پەیوەسـتی چـەك نییـە، بـەڵام لـەو كـەمتر وێرانكـەر نییـە لـەڕووی هێـزەوە). دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی (كاریگـەری مێـژوویی هەرچـۆنێك دیربلـسەی بكـەین، پەیوەنـدی پتـەوی بەتوندوتیژییـەوە هەیـە). لـەلای بیرنێـرت نـاتوانرێ بگـوترێ كـاری ناتوندوتیـژی لەبـەر ئـەوەی كـە ڕووبەڕووبوونـەوەی دەسـەڵاتی نـەیارو خواسـتی ملـدانێتی، بێبەرییـە لەتوندوتیـژی. دانـان بـەوە مانـای نـەرمی نوانـدن نییـە بەرامبـەر توندڕەوەكانو مانـای هـاوڕێكردنیش نیـە لەگـەڵ توندوتیژیـدا، بـەڵكو تـەنها دانـانی ناتوندوتیژییـە وەك دەبـێ چـۆن هـەبێ، بـەوەش لەتێكەڵكردنو هەڵەی زۆر دەپارێزین.

بـەڵام لـەڕۆخێكی وادا، ئـاخۆ ڕاسـتە بگـوترێ جیـاوازی نێـوان ئـەو فـشارانەی كـە لـەژێر پـەردەی ناتوندوتیـژی دەكـرێو لەگـەڵ ئـەوەی كـە لەئـەنجامی توندوتیژییـەوە سـەرهەڵئەدات تـەنها جیاوازییـە لـەژمارەو، لەكۆتاییـشدا دەبێتـە خـەونو خـەیاڵو بگـرە قـسەكردن لەناتوندوتیـژی دەبێتە كارێكی ناپاك؟.

هەموو هزرێك تـا ئاسـتێكی زۆر پەیوەسـتی ئـەو واتایانەیـە كـە دەیـدەین بـە وشـەو ئـەو گریمانانـەی كـە لێـوەی دەسـتپێدەكەینو سەرچـاوە دەگـرین، بۆیـە باشـتر وایـەو پێویـستە ئـەوە بـزانین چـی ڕوویـداوە لەسـەرەتاوە. لێـرەدا باشـتر وایـە ئـەو گریمانانـەی كـاری هەڵبـژێرین كـە ڕێمـان پێـدەدات بەشـێوەیەكی بـاش هۆشـیار بـین بەرامبـەر ئـەو دیاردەیـەی كـە دەمانـەوێت نـاوی بنـێینو وەسـفی بكـەین.

جـا بۆیـە بـا ئـەو هۆكارانـە ڕوونبكەینـەوە كـە لەپێناویـدا خۆمان گرێدا بەگریمانەی ناتوندوتیژییەوە.

بەشـێوەیەكی گـشتی دەگـوترێت كـاری سیاسـی بـەوەی كـە بەرەنگاربوونـەوەو تاقیكردنـەوەی هێـزە، زۆرتـر كـۆنترۆڵو ڕێكخـستنی توندوتیـژی دەكـات نـەك لـەناوی دەبـات. ئەمـەش قـسەیەكی ڕێكو عەقڵانییـە بـەڵام پێمـان وایـە لەتواندانیـە كـۆنترۆڵی توندوتیـژی بكرێـت، تـەنها لەڕێگـەی ئـامرازە ناتوندوتیژەكانـەوە بـەپێی ڕۆحیـەتی ناتوندوتیـژی. ڕاسـتە كـاری توندوتیـژی دەخوازێـت بەتایبـەتی لـەڕووی تیۆرییـەوە كـەمتر توندوتیـژ بێـت لەبەرامبـەر بـارودۆخو لـەوەدیهێنانی ئامانجـەكان، بـەڵام لەپراكتیكداو زۆربـەی كاتـەكان دەرگـا لەهـەموو جۆرەكـانی توندوتیژی دەكاتەوە بەرهایی.

توندوتیـژی لـەپێناوی دادپەروەرییـدا هەمیـشە شكـست دەهێنێـت لـەوەدیهێنانی ئامانجـەكانیو لەپاسـاوەكانیش هەڵـدێت، چـونكە لەسروشـتی خۆیـدا نـاكۆكی نـوێ دروسـت دەكـات كـە دەبنـە هـۆی سـتەمی نـوێ، واتـە دروستبوونەوەی شێوازی نوێی توندوتیژی.

ئەگـەر مانـای پەنابردنـە بـەر ئـامرازە ناتوندوتیژییـەكان ئـەوە نـەبێت كـە نـەیار لەهـەموو ئازارو زیانـەكان وەلابنێـت، ئـەوە ئـەو خراپەیـەی كـە لەئـەنجامی بـەكارهێنانی ئـەم ئامرازانـە دەكەوێتـەوە سـنووردارە، بـەڵام ئـامرازە توندوتیژییـەكان لەزۆربـەی كاتـدا ناتوانێـت ڕێگـە لـەخراپتریش بگرێـت. كـاری ناتوندوتیـژیش لەخانـەی جیهـانی توندوتیژیـدا دەنرێـت، بـەڵام لەچوارچێـوەی بزووتنـەوەیەك وامـان لێـدەكات كـە وردەوردە واز لـەو جیهانـە بهێنـین، لەكاتێكـدا كـاری توندوتیـژی بمانـەوێت یـان نـا وامـان لێـدەكات بـەردەوام بـۆی بگەڕێینـەوە. ئەگـەر كـاری ناتوندوتیژیمـان بەتوندوتیـژی دانـا ئـەوە لـە قۆنـاغی دروسـتبووندایە، لەكاتێكـدا كـاری توندوتیـژی بـەردەوام توندوتیـژی بەرهـەم دەهێنێـت، لێـرەوە گیروگـرفتی كـارتێكردن لەمێـژوودا پەیوەسـتە بەناتوندوتیـژی چـونكە پشتگوێخستنی توندوتیـژی لـەتوانادا نییـە تـەنها لەڕێگـەی دینامیكییـەتی ناتوندوتیژییەوە نەبێت.

لەو بارەیەوە – میللەر – دەنووسێت (خەونو خەیاڵە بمانەوێت هیچ توندوتیژی روونەدات، بەڵام لەئلستێکی پەسندا دەتوانیین بەشێوەیەکی فراوان کۆنترۆڵی کەمکردنەوەی بەشداری و تێوەگلانمان بکەین لەتوندوتیژی تا بگەینە خاڵێك تابتوانیین باس لەناتوندوتیژی بکەین).

بەم شێوەیە قسەکردن لەکاری ناتوندوتیژی دەبێتە رەوا، چونکە بەپێچەوانەوە کاری توندوتیژی رێگە دەدات بەکۆنترۆڵکردنی توندوتیژیو لەقەبارەدانی. جیاوازییەکی بنەرەتی هەیە لەنێوان بایکۆتکردنێکی رێکخراو لەبەرامبەر کۆگایەك نموونەی ئەوەی مارتن لۆتەر کینگ رێکخستنی هەڵمەتی نارەزایی مەدەنی لەگەڵ هەڵکوتانە سەر خودی کۆگاکە. هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان رێکخستنی هەڵمەتی نارەزایی مەدەنی لەگەڵ دروستکردنی تیمێکی شەرکەران.

چاڤێز هەوڵیدا بۆ جیاکردنەوە ئەو کارە ناتوندوتیژانەی کە کرێکارانی کشتوکاڵی بۆ مافەکانیان رێکیانخست لەگەڵ ئەو کارە توندوتیژانەی کە لەتوانایاندا بوو بیکەن (ئەگەر بچووباینە نێو ماڵی یەکێك لەخاوەن زەوییەکانو لوولەی تفەنگمان بخستبایە سەرسەری و بمانگوتبوایە یان داواکانمان مۆردەکەی، یان دەت کوژین. ئەو کاتە هەڵسوکەوتمان دەبووە توندوتیژی، هەروەها ئەگەر هەرەشەمان لەخێزانێك بکردبایە یان بمانگوتبایە (ئۆتۆمبێلەکەت دەسوتێنین)، بەڵام ئەگەر بەو خاوەن زەوییەمان گوت (ئەگەر ئەو رێککەوتننامەیە مۆرنەکەیت داوا لەکرێکاران دەکەین کە کارنەکەنو هەوڵیش دەدەین ترێیەکەت نەفرۆشرێ) ئەوە لەتوندوتیژییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بێگومان پەستی دەکەتو ناچار دەبێت رووبەرووی بێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش باس لەململانێ دەکەین).

ئەو هێزەی کە کاری ناتوندوتیژی بۆ کارتێکردن لەرووداوەکان بەکاریدەهێنێت ناتوانێت هاوشێوەی هێزی توندوتیژی بێت. جیاوازی نێوان کاری نانوندوتیژیو کاری توندوتیژی لەپلەو ژمارەدا نیە، بەڵکو لەسروشتی کارەکەشدایە. ئامرازەکانی کاری ناتوندوتیژیو کاری توندوتیژی ژمارەیەك ئامراز نین کە لەیەکەم کاریگەری تا ئەوپەری توندوەتیژی تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە کە دەبێت بەبێ ئاڵۆزی زاراوەکانو وشەکانی ناتوندوتیژی بیانخاتە روو.

لێرەدا زۆر گرینگە بەراورێدك لەنێوان کاری ناتوندوتیژیو پەروەردە بکەین. پەروەردە لەبنچینەدا کاری خۆشەویستییەو، پێویستە دوور لەتوندوتیژی ئەنجام بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پەروەردەیەك نییە بەبی پەنا بردنە بەر هەندێك جۆری فشار. چونکە بۆ سەرخستنی پەروەردە، لەرلستیدا بەس خۆشەویستی بەس نییە. هەندێك جار خۆراگریی نەرمو نیانی بەس نییە، یان شیکردنەوەی ئەو شتانەی کە پێویستە یان پێویست نییە بۆ منداڵ. هەندێك جار پەنا بردنە بەر ویژدانو عەقڵ بێسوودە، لەو کاتانەدا یان دەبێت منداڵەکە ناچار بکەیت یان رێگەی لێبگریت لەرێگەی بەکارهێنانی هەندێك جۆری فشاری گونجاو. دەسەڵاتی پەروەردەکار پێویستە بەبێ تورەیی بەکاربهێنرێت، بەڵام بەدانایی. لەو کاتەدا کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو فشارانە وەك کەم خۆشەویستییەو پەنابردنە بۆ توندوتیژی. وەك دەگوترێت (ئەوەی بەراستی خۆشەویستی دەکات، بەباشی سزادەدرێت)، بەڵام ئەو سزایە توندوتیژ نییە.

دوای دیاریکردنی چەمکی کاری ناتوندوتیژی ئێستا دەتوانین قسە لەدەستەواژەی ناتوندویژی بکەین کە مشتومرێکی زۆری ناوەتەوە، چونکە لە رەچەڵەکدا جێی مشتومرە. ئەوەی وا دەکات کە ناتوندوتیژی ناڕەوابێت، ئەوەیە کە بڵێین "نا بۆ توندوتیژی" تا نەکەویتە هەڵەو گوناهەوە.هەروەها ئەوەی گەوهەریی بێت لەسەرتی بیرکردنەوەی (فەلسەفی) و سەرتای کاری (سیاسی) پێناسەی توندوتیژی لەرەگەوە ناکۆکە لەگەڵ خواستە گەوهەرییەیکانی مرۆڤدا. بۆیە بەپشت بەستن بەوە ناکرێت پلساو بۆ توندویتژی بهێنرێتەوە. کاتێك توندوتیژی رەتدەکەینەوە، ئەوە کارەکە بەپێی توانا ئلستی توندوتیژییەکە کەم دەبێت. هەر لەیەکەم چرکەوە کە توندوتیژی رەتدەکرێتەوە بەپێی توانا ئاستی توندوتیژییەکە کەم دەبێت. هەر لەیەکەم چرکەوە کە توندوتیژی رەتدەکرێتەوە

بەپێی توانا ئاستی توندوتیژییەكە بەئامرازی دیكە دروست بكات كە لەتواناو بیركردنەوەیدا بێت، بۆیە هەر زوو بەدوای ئەو ئامرازو كەرەستەو رێگایانە دەگەڕێت كەوا دەكات كاریگەری زیاتر لەمێژوو بكات بەبێ گەڕانەوە بۆ حەتمیەتی توندوتیژی، بەڵام كاتێك دان بەرەوایەتی توندوتیژیدا دەنرێت، ئەوە بێگومان دەبێتە یەكێك لەمافەكانی مرۆڤو مافیش پاساوی توندوتیژی دەدات. كاتێكیش توندوتیژی ناكۆك نەبوو لەگەڵ مرۆڤ ئەوە مرۆڤ ملی بۆ دەداتو پێی رازی دەبێت بێئەوەی لەدوای هیچ ئامرازو رێگەیەكی دیكە بگەڕێت. شكستی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی كە بوونەتە هۆی شكستی سیاسەتەكانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە پلساوی بۆ توندویتژی دۆزییەوەو خستییە خانەی نموونە مرۆییەكانەوە. بۆیە بەوەلانانی توندوتیژی، دواجار دەرفەتێك دەدەین بەكاری سیاسی.

بەم شێوەیە رامانی فەلسەفی فێرمان دەكات كە ناتوندوتیژی واتا بەمێژوو دەبەخشێت، گرنگی دانیش بەكەرەستەكانی كاری ناتوندویژی فێرمان دەكات كە مێژوو هۆشی لەدەستداوە. لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەرۆڵی كاری غاندی بكەین لەو بوارەدا.

پێویستە لەم بۆنەیەدا لەگەڵ (ئیریك ویل) بەیەك بگەین بەتایبەتی لەگەڵ كۆتایی كتێبەكەی (فەلسەفەی سیاسی)كە هەر لەسەرەتای ئەم دیراسەیەوە سەرچاوەمان بووە. (ویل) دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی كە (ناتوندوتیژی لەمێژووداو لەرێگەی مێژووەوە بۆتە ئامانجی مێژوو). بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هیچ شتێك لەبارەی تەكنكیەكانی كاری ناتوندوتیژی نازانێت، بۆیە بەم شێوەیە تەئكید دەكاتەوە (هیچ شتێك نییە زەمانەتی ئەوەمان بۆ بكات كە بێ بەكارهێنانی توندوتیژی دەگەینە ئەو ئامانجە. بەپێچەوانەوە پێی ناگەن ئەگەر توانای توندوتیژی پشتگوێخرا لەوەی دەكرێت یەكسان و دادوەربێت لەهەندێك كاتدا..توندوتیژی بۆخۆی رەتكردنەوەی هەموو واتایەكەو هەربۆخۆشی شێتایەتی تەواوە، بەڵام كەوتنە ململانێی ناوخۆییو دەرەكیی توندوتیژ ترە (كە دەكرێ تێی نەكەوین)، ئەوەش كارێكی سوورو تەئكیدە ئەگەر تەنها قسە لەناتوندوتیژی بكەین).

بەو شێوەیە، ئەگەر لەلای –ویل- فەلسەفە خۆی كردە خاوەنی ناتوندوتیژیو ئەگەر ناتوندوتیژی خولستێك بێت لەچركەی گوتاردا، بەڵام لەپراكتیزەكرندا ئەستمە لەرووی تەكنیكەوە لەچركەی كاركردندا، بەو شێوەیەش – ویل- بیەوێت یان ناچارە متمانە بداتەوەبە توندوتیژی، چونكە بەلای ئەوەوە مرۆڤی ناتوندوتیژ بریتییە لەو مرۆڤە خاوەن ئەخلاقەی كە پێشووتر گومان رووەو ناكارایی دەڕوات، وەك – ویل-دەڵێت ( بەتەئیكد دەتوانرێت هەموو جۆرە توندوتیژییەك رەتبكرێتەوە، بەڵام هەر كەسێك ئەم بڕیارە بداتو بەجددی وەربگرێت زۆر لەبواری كرداری سیاسی دوور دەكەوێتەوە، دەتوانێت بگاتە پایەی قەشەو بەرەهایی كار نەكات)، چونكە مرۆڤ بەلای (ویل)ەوە ناتوانێت لەم دوو رێگەچارەیە دەربچێت (یان رەتكردنەوەی توندوتیژی كە دەبێتە هۆی ناكردەوە یان هەڵبژاردنی كاركردن كە دەبێتە هۆی توندوتیژی). بەم شێوەیە –ویل- خۆی لەبەشداریكردنی غاندی لەو بارەیەوە دەدزێتەوەو لەبیری دەچێت، كە ئێمە لەرێگەی ئەوەی غاندییەوە ویستمان ئەوەبخەینە روو كە مرۆڤ ئەگەر عەقلانی بێت لەتوانایدایە لەیەك كاتدا رووبەڕووی رووبەڕووبوونەوەی ئەخلاقیو مێژوویی ببێتەوە.